# گەندەڵیی و یاسا، یاسا ناس و عەوام؟؟

کەیوان سەعید- سلێمانی
Kaiwan9@yahoo.com



بە ناپلیۆنیان گوت: (وڵات نغرۆ بووە لەگەندەڵێدا)،گوتی: (گەیشتۆتە قەزا؟) گوتیان نەخێر،ناپلیۆن گوتی (کەواتە چارەسەری ئاسانە).

لە ژمارە ٢٤ی گۆڤاری راوێژ بابەتێکی پارێزەری راوێژکار (حوسامەدین سەرداری)م بینی بە ناوی (نووسەر و فەرمانبەری زیرەک) کە وەک وەڵامێک لەهەمبەر بابەتێکی رۆژنامەنووس (ئازاد هەینی) نوسیبوی، کە بەداخەوە هەرگیز باوەڕم نەدەکرد بۆچوونی پارێزەرێکی راوێژکار لەبەرامبەر گەندەڵییدا بەو شێوەیە بێت، ئەگەرچی لەم وڵاتەدا هەرچییەک ببینی سەیر نییە، بەڵام دیسانەوە پارێزەرێک کە تەمەنێکی درێژی لەگەڵ یاسا و رێساکاندا بەسەر بردبێ نەدەبو وا بیر بکاتەوە!!

من لێرەدا وەک رۆژنامەنووسێک بە ئەرکی خۆمی دەزانم کە لەسەر ئەو بابەتە قسەم هەبێ، بۆیە بە کورتی و تەنها وەڵامی سێ خاڵ لە نوسینەکەی ئەو بەڕێزە دەدەمەوە، کە بوونە جێگەی سەرنجم:

١.بەڕێزم جەنابت لەسەرەتای وەڵامەکەتدا بە ئازاد هەینی دەڵێیت (دەبوایە ئەوەندە جورئەتی رۆژنامەنوسیت هەبوایە ناوی فەرمانگەکەت دیاری بکردایە) لەبەرامبەر ئەوەدا من دەبێ بەتۆ بڵێم بانێکە و سێ بەچوار هەوایە، چونکە چەندین رۆژنامەنووس هەن کە لەسەر کەشفکردنی گەندەڵی، بانگهێشتی دادگا کراون و هەر ئێوەی یاساناسیش بۆتان کردوونەتە مادەی تەشهیر و بەبیانووی لادان و ناوزڕاندن ئەوانتان بردۆتە بەر حوکمی دادگا و حوکمتان داون، بۆیە دەکرێ بوترێت ترسی یەکەمی رۆژنامەنووسان لە حوکمەکانی ئێوەیە، ئینجا لەدەسەڵات، دوای ئەوەش ئەو کاتێ گەندەڵییەکی لەوجۆرە لەناو فەرمانگەیەکی وا دەوروژێنێت و ئاشکرا دەکات دەیەوێت بیخاتە بەر دەستی و چاوی دەسەڵاتی سێهەم کە قەزایە تا ئەوان بەرامبەر ئەو گەندەڵییە ئیجرائات بکەن کەواتە ئەو نیشانی خۆی پێکاوە و ئەوەندە بەسە کە تۆی یاسایی و یاساناس بینیوتە، بەڵام بەداخەوە لەبری ئیجرائات بکەیت لەسەریشی بەجواب دێت؟؟؟ زۆر سەیرە کە پارێزەرێکی راوێژکار لەبەرامبەر گەندەڵییەکی وەهادا هیچی دەست نایەت!!!

٢.جەنابت لات وایە لەبەرامبەر نەبوونی بەڵگەدا هەر نوسینێک بە قەزف و تەشیر دەدرێتە قەڵەم کەچی لەبەشێکی نووسینەکەتدا تەشهیری تەواو بە (ئازاد هەینی) دەکەیت و نوسیوتە (کەچی دوای ئەوە لەبەر چەند هۆیەک جەنابت لە فەرمانگەکە دەرچویت یان..........) من کە لێرەدا سەد گومانی سەیر لەو (یان..........)ە دەکەم، دروست ئەم جۆرە گومانانەش لای خەڵکی کەسایەتی ئازاد هەینی بە ئاقارێکی تردا دەبات رەنگە لەگەڵ رێزمدا لەکەداری بکات، کەواتە تۆ لێرەدا تەشهیر دەکەی، یەکەم جاریشمە لە سەدەی بیست و یەکدا پارێزەری تەشهیرچی ببینم کە لە یاساکەیدا تەشهیرچی بدرێتە دادگا ............؟؟!!

٣.لەبەشێکی تردا باسی ئەوە دەکەیت کە گوایە پێشتر ئازاد هەینی لەوێبووە و قسەی نەکردووە بەڵام خۆت گوتەنی (ئێستا بە ئەمپڵیفایەر هاوار دەکات و دەڵێ گەندەڵییە) باشە با هەینی نووسەر کەسێکی وریاو لێ هاتووش بێ خۆ عەیب نییە کە لەمادده یاسایەکانی نەزانیبێ و تا ئێستاش نەزانێ، بەڵام جەنابتان پارێزەریشن و راوێژکاریشن زۆرباشیش لە ماددەکانی گەندەڵیش شارەزان و دەشزانن ئەوەی لەو فەرمانگەیەدا دەگوزەرێت گەندەڵییە، کەچی ئەوەتا لەبری ئەوەی ئیجرائات بکەن ؟؟بەو شێوەیە سەخڵەت بوون و شەڕیشی لەسەر دەکەن؟؟؟ بۆیە دەبێت جیاوازی نێوان بەڕێزت و موفتی عوسمانییە مێزەر سوورەکان چی بێت کە ئەوان فەتوایان لەسەر وەرگرتنی سەرانە و رۆژانە و لەهەندێ شوێن تەنانەت سمتانەشیان دەدا؟؟؟

ئەزیزم لەهەر لەفەرمانگەیەکی حوکومیدا لەبەرامبەر پێدانی هەر بڕە پارەیەکدا وەسڵ دەدرێت ئەوەش بۆئەوەی هەموو ئەوانەی پارە دەدەن بزانن دانی ئەو پارەیە بۆ حوکومەتە و نابێتە ماڵی فەرمانبەری پارەوەرگر، کەچی تازە بەتازە لەو فەرمانگەیەی کە بەڕێزتان شەڕی لەسەر دەکەن مەوسمی ئیفە و لەسەر سستەمی پارە بۆ گیرفان ئیش دەکەن؟؟!!

لەکۆتاییدا دڵنیابە لەسەر ئەو نووسینەت دەتوانم زۆر بنوسم بەڵام لەبەر ئەوەی بابەتەکانی گۆڤاری راوێژ هەمیشە کورت و پوخت بوون، بۆیە نامەیَ زیادەڕۆیی بکەم و زیاتر بنووسم، تەنها ئەوەندە دەڵێم ئەگەر وێنەکەتم نەبینیایە دەمگووت لەوانەیە گەنجێکی کەم ئەزموون ئەو بابەتەی نوسیبێت، بەڵام؟؟!!!